# ئاستەنگییەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین لای خوێندکاران و پێشنیازەکانی چارەسەرکردن لەڕوانگەی پسپۆڕانەوە

م.ی.تۆڵە ئومێد محمود[1]

[1]م کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی ، tolla.omed@univsul.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** م.ی.تۆڵە ئومێد محمود *

**پوختە**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە ١- دیاریکردنی ئاستەنگییەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین لای خوێندکاران. ٢-چۆنێتی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی بۆ ئەنجامدانی بەکارهێنراوە. نمونەی توێژینەوەکە پێک هاتووە لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی (خوێندنی بەیانیان) لە بەشی پەروەردەی هونەر و بەشێک لە پسپۆڕانی بواری موزیک لە شاری سلێمانی، پاشان توێژەر بۆ زانینی ئاستەنگ و چۆنیتی چارەسەرکردنیان, پێوەرێکی بەپێی هەنگاوە زانستیەکان پێکهێنا کە (٨) تەوەر و (20) بڕگەی لەخۆگرتبوو بۆ دەستنیشانکردن و پێشنیازی چارەسەرکردن لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە. دوای بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و جێگیری لە ڕێگەی دوو جار دابەشکردنی فۆرمەکان لە دوو کاتی جیاوازدا و دابەشکردنی نیوەی برگەکان ، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێڕسۆن بۆ هاوکۆلکەی پەیوەستبوون کە بەهاکەی لە نێوان ( 0.50 - 0.20) دابوو دۆزرایەوە. دوای جێبەجێکردنی پێوەرەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ڕێکاری ئامارییەوە ئەنجامی توێژینەوەکە بەدەستهاتووە ،کە ناوەندی شیاوی سەرجەم بڕگەکان بریتیبوو لە (1.90) ئەم ئاستە (مامناوەندە), بەپێی ئەم ئەنجامە ئاستەنگ لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین لای خوێندکاران هەیە، پاشان بەمەستی چارەسەرکردنی ئاستەنگیەکان کۆمەڵێک پێشنیازکراوە لەلایەن پسپۆڕانەوە ، پاشان توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک پێشنیاز و ڕاسپاردە کۆتایی پێهاتووە.

**وشە کلیلییەکان:** ئاستەنگ؛ خوێندنەوەی نۆتەی ڤۆکاڵی بینراو (Vocal Sight- Reading)؛ ئاڕاستەی خوێندکاران. پێشنیازی پسپۆڕان .

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١ ـ١ کێشەی توێژینەوەکە:

موزیک یەکێکە لە گرنگترین بوارەکانی هونەر کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و جوانناسی مرۆڤ. خوێندنەوەی نۆتە یەکێکە لە توانا بنەڕەتییەکان کە فێرخوازان دەبێت فێری ببن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی دروست و زانستی کار لە بواری موزیکدا بکەن. یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی خوێندنەوەی نۆتە، خوێندنەوەی نۆتەیە بە شێوەی (Vocal Sight- Reading)، کە بریتییە لە توانای خوێندنەوەی نۆتەی موزیک بە دەنگ لە یەکەم بینین بەبێ ئەنجامدانی ڕاهێنانی پێشوەختە. ئەم توانایە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی توانای موزیکی خوێندکاران، چونکە یارمەتیان دەدات بە خێرایی نۆتەکان بخوێننەوە و میلۆدی و ریتمی موزیک بە دروستی تێبگەن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە کاتی خوێندنەوەی نۆتە بە شێوەی (Vocal Sight- Reading) ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگی دەبن، وەک نەزانینی شوێنی دەنگەکان لەسەر ستەیڤ، ئاستەنگی لە خوێندنەوەی ریتم و چینە دەنگەکان و دروستکردنی ئاوازی هەڵە. ئەم ئاستەنگیانە کاریگەری لەسەر ئاستی فێربوون و پەرەپێدانی توانا موزیکییەکانی خوێندکاران هەیە. بەم هۆیەشەوە توێژەر وەک مامۆستای موزیک لە بەشی پەروەردەی هونەریدا درکی بەم کێشەیە کردووە سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکانی موزیک پڕۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە چەندین ڕاهێنانی فێرکاری و سەرەکی لەخۆگرتووە بەڵام خوێندکاران لاوازن لە خوێندنەوەی نۆتەی نوێ. بۆ ئەم مەبەستەش پاش بەدواداچوونی ورد, توێژەر چەند پرسیارێکی لا گەڵاڵە بوو:

١ـ١ـ١ ئایا ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە بەردەم خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین ؟

١ـ١ـ٢ ئایا ئەو ڕێگا و چارەسەرە گونجاوانەی پسپۆڕانی بواری موزیک چین کە پێشنیازی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەی خوێندکاران لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین ؟

لە کۆتایدا توێژە بڕیاریدا بە ئەنجامدانی توێژنەوەیەک وەک هەوڵدانێکی زانستی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە بریتین لە کێشەی توێژینەوەکە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12584]
- **Submission Date:** [22/7/2026], **Revised Date:** [22/7/2026], **Accepted Date:** [7/9/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**١-٢ گرنگی توێژینەوەکە:**

١-٢-١ دیاریکردنی ئاریشەی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین.

١-٢-٢ دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری گونجاو بۆ ئاستەنگیەکانی بەردەم خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین.

١-٢-٣ سوودی دەبێت بۆ مامۆستایان و پسپۆڕانی بواری موزیك لە بەشی پەروەردەی هونەر و بەشە هاوشێوەکانی لە کۆلێج و زانکۆکانی دیکە، کە ئاگاداری ئەم ئاریشەیەی خوێندکاران بن و ڕێگا و ڕاهێنانی گونجاو بەکاربهێنن بۆ چارەسەرکردنیان.

١-٢-٤ سوودی دەبێت بۆ خوێندکاران و فێرخوازانی بواری موزیک کە کێشەیان هەیە لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیک بە شێوەی (Vocal Sight- Reading)

.

١-٢-٣ سوودی دەبێت بۆ کتێبخانەی هونەری کوردی وەك سەرچاوەیەکی زانستی و هونەری ڕەسەن لە بواری موزیك بە زمانی کوردی.

**١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-٣-١ دیاریکردنی ئاستەنگییەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لەیەکەم بینین لای خوێندکاران.

١-٣-٢ پێشنیازی چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان لە ڕوانگەی پسپۆڕانی بواری موزیک.

**١-٤ سنوری توێژینەوەکە:**

١-٤-١ **سنوری بابەت:** خوێندنەوەی نۆتەی موزیک بە دەنگ لە بابەتی (سرووود و گۆرانی).

**١-٤-٢ سنوری مرۆیی:**

١-٤-٢-١ خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی هونەر (بەیانیان) ی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦).

١-٤-٢-٢ پسپۆڕانی بواری موزیک لە شاری سلێمانی.

١-٤-٣ **سنوری کات:** ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٥ – ٢٠٢٦).

١-٤-٤ **سنوری شوێن:** بەشی پەروەردە هونەری لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سلێمانی.

**١-٥ پێناسەی زاراوەکان :**

١-٥-١ **نۆتەی موزیک** ( Music notes):

نۆتەی موزیک سیستەمێکە پێک دێت لە چەند هێما و نیشانەیەک, کە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی ئاواز و ڕیتمی موزیک بە شێوەی نوسراو بۆ ئەوەی بتواندرێت بخوێندرێتەوە و جێبەجێ بکرێت (Benward & Saker, 2009, p. 5).

١-٥-٢ **خوێندنەوەی نۆتە بە دەنگ** (Vocal Sight- Reading):

خوێندنەوەی نۆتە بە دەنگ (Vocal Sight- Reading) بریتی یە لە توانای خوێندنەوەی نۆتەکان بەدەنگ لە یەکەم بینینەوە و بەبێ ئەنجامدانی ڕاهێنانی پێشوەختە، بە شێوەیەک کە خوێندکار بتوانێت **(چینی دەنگەکان – ڕیتم - میانەکان)** بە دروستی بخوێنێتەوە و جێبەجێیان بکات (Phillips, 2014, p.118& Nan, H. Y. & Simeon, J. J. C, 2024, p.2079).

## بەشی دووەم
## چوارچێوەی تیۆری

**٢-١ خوێندنەوەی نۆتەی موزیک (Musical notes):**

**٢-١-١ بنەما سەرەکییەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک:**

- **دەنگەکانی موزیک:** زانینی شوێنی دەنگەکانی موزیک یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان بۆ فێربوونی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک، چونکە خوێندکار دەبێت پێش هەموو شتێک بتوانێت شوێنی نۆتەکان لەسەر ستەیڤ (Stave) بناسێت و بزانێت هەر نۆتەیەک چ دەنگێک نیشان دەدات. ئەم توانایە یارمەتی خوێندکاران دەدات پارچەی موزیک بە دروستی بخوێننەوە و نۆتەکان بە شێوەیەکی خێرا بناسن (Benward & Kolosick, 2019, p.27). ئەم زانیارییە بنەمایەکی گرنگ بۆ خوێندنەوەی میلۆدی و جێبەجێکردنی نۆتەکان لەسەر ئامێرە موزیکییەکان دادەنێت (Clendinning & Marvin, 2021, p.41). خوێندکارانی موزیک کە توانای باشیان هەیە لە ناسینی شوێنی نۆتەکان، زووتر دەتوانن پارچەی موزیک بخوێننەوە و توانایان بەرزتر دەبێت. بەم هۆیە زۆرێک لە مامۆستایانی موزیک گرنگی زۆر بە ڕاهێنانی ناسینی شوێنی دەنگەکان دەدەن لە قۆناغی سەرەتایی فێربوونی موزیکدا(Rogers, 2020, p.58).
- **کلیلەکانی موزیک:** کلیلەکانی موزیک (Clefs) یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی نوسینی موزیک، چونکە کلیل دیاریی دەکات کە هێڵ و بۆشاییەکانی ستەیڤ (Stave) چ دەنگێک نیشان دەدەن. بە واتایەکی تر، کلیل یارمەتی موزیسیانان دەدات کە بزانێت هەر نۆتەیەک لە کوێی ستەیڤ و لە چ چینێکی دەنگی دایە. بەم هۆیە فێربوونی کلیلەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لە فێربوونی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک (Clendinning & Marvin, 2021, p.23). فێربوونی کلیلەکان یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ ناسینی شوێنی نۆتەکان لەسەر ستەیڤ و خوێندنەوەی نوسینی موزیک بە دروستی. هەروەها ئەم زانیارییە بنەمایەکی گرنگ بۆ پەرەپێدانی توانای (Vocal Sight- Reading)، چونکە خوێندکار دەبێت بە خێرایی کلیل بناسێت بۆ ئەوەی بتوانێت نۆتەکان بە دروستی بخوێنێتەوە.(Rogers, 2020, p.61).
- **نۆتە و پشووەکان:** زانینی شێوەی نۆتەکان و ماوەی کورت و درێژییان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی تیۆری موزیک و خوێندنەوەی نۆتە. نۆتەکان لە موزیکدا تەنها بەرزی

و نزمی دەنگ نیشان نادەن، بەڵکو ماوەی کاتیش دیاری دەکەن کە دەنگەکە چەند کات دەخایەنێت. بەم هۆیە خوێندکاران پێویستە جۆر و شێوەی نۆتەکان و ماوەی هەر یەکێکیان بناسن بۆ ئەوەی بتوانن نوسینی موزیک بە دروستی بخوێننەوە (Burstein & Straus, 2020, p.62).لە تیۆری موزیکدا جۆری جیاوازی نۆتە هەیە کە هەر یەکێکیان ماوەیەکی دیاریکراوی هەیە، وەک نۆتەی تەواو، نۆتەی نیوە، نۆتەی چارەک، نۆتەی هەشتەم و نۆتەی شازدەهەم. ئەم نۆتانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاتی موزیک دیاری دەکەن و یارمەتی موزیسینان دەدەن ڕیتم و ئاراستەی پارچە موزیکییەکان بە دروستی جێبەجێ بکەن.(Laitz, 2016, p.74)

- **کێشی موزیک (Time signature):** ئەرکی کێشی موزیک ڕێکخستنی کاتە لە موزیکدا، چونکە کێش دیاریدەکات کە هەر مازورەیەک چەند ترپە کات دەخایەنێت. کێش لە ڕێگەی دوو ژمارەی ستون لەسەر یەک لە سەرەتای پارچە موزیکییەکاندا نیشان دەدرێت، (Burstein & Straus, 2020, p.93).
- **نیشانەکانی گۆڕین (Key signature):** نیشانەکانی گۆڕین لە موزیکدا بەکاردێن بۆ گۆڕینی بەرزی یان نزمی نۆتەکان. گرنگترین نیشانەکانی گۆڕین بریتین لە دێز (Sharp) و بیمۆڵ (Flat)، کە هەر یەکێکیان گۆڕانکارییەکی دیاریکراو لە بەرزی دەنگی نۆتەکان دروست دەکات (Clendinning & Marvin, 2021, p.47).

### ٢-١-٢ شێوازەکانی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک:

- **خوێندنەوەی ڕیتمی (Rhythm): پێویستە خوێندکار** لەسەرەتایەکی سادە و ئاشناوە دەستپێبکات، لەوانەش ڕیتم, چونکە بناغەی نۆتەی موزیکە(Harris, 2017, p.12) . خوێندنەوەی ڕیتم یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی موزیک و بە زۆری وەک یەکەم هەنگاو لە فێربوونی خوێندنەوەی نۆتەی موزیکدا بەکاردەهێنرێت. ڕیتم سیستەمی ڕێکخستنی کات لە موزیکدا پێکدەهێنێت و دیاری دەکات کە نۆتەکان لە چ کاتێک و بە چ درێژییەک جێبەجێ دەکرێن. بۆیە تێگەیشتن لە ڕیتم بنەمایەکی گرنگ بۆ فێربوونی ڕەگەزەکانی تری موزیکی وەک میلۆدی و هارمۆنی دادەنرێت (Houlahan & Tacka, 2015, p.18).لەڕاهێنانی خوێندنەوەی ڕیتمیدا، خوێندکاران فێردەبن چۆن هێماکانی ڕیتم بناسن و ماوەی نۆتەکان دیاری بکەن. ئەم ڕاهێنانانە زۆرجار بە شێوەی خوێندنەوەی ڕیتم بە دەنگ یان بەکارهێنانی ئامێرە ڕیتمییەکان ئەنجام دەدرێن. بۆیە خوێندنەوەی ڕیتم وەک یەکەم هەنگاو لە فێربوونی خوێندنەوەی نۆتە دادەنرێت، چونکە ئەمە بنەمایەکی بەهێز دروست دەکات بۆ فێربوونی سۆڵفێج و میلۆدی(Campbell, 2018, p.54) .
- **خوێندنەوەی سۆڵفایی (Parlato):** خوێندنەوەی سۆڵفایی یاخود پارلاتۆ یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکان بۆ فێربوونی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک. لەم شێوازەدا خوێندکاران نۆتەکان بە ناوی دەنگەکانی (دو، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) دەخوێننەوە بەبێ ئاواز، واتە بە شێوەیەکی نزیک لە قسەکردن. ئەم ڕێگایە یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە ناوهێنانی نۆتەکان (McPherson & Welch, 2018, p.112).لە ڕاهێنانی پارلاتۆدا، خوێندکاران فێردەبن ڕیتم و میلۆدی بە یەکەوە جێبەجێ بکەن. ئەم جۆرە ڕاهێنانە یارمەتی دەدات خوێندکاران پەیوەندی نێوان نوسینی موزیک و گوێگرتنی موزیک باشتر تێبگەن، چونکە نۆتەکان بە شێوەیەکی ڕوون لە مێشکیاندا دەچەسپێت (Jorgensen, 2019, p.87).هەروەها بەکارهێنانی پارلاتۆ لە فێربوونی سۆڵفێجدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەرەپێدانی توانای (Vocal Sight -Reading)، چونکە خوێندکاران فێردەبن نۆتەکان بە خێرایی بناسن و بە دروستی بیانخوێننەوە. خوێندکارانی موزیک کە ڕاهێنانی سۆڵفایی ئەنجام دەدەن، زووتر دەتوانن میلۆدی و پارچە موزیکییەکان بخوێننەوە . (Hallam, 2020, p.156).
- **خوێندنەوەی میلۆدی (Cantato):** یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی فێربوونی خوێندنەوەی نۆتەی موزیک، کە لەو شێوازەدا خوێندکاران بە شێوەی ئاواز نۆتەکان دەخوێننەوە. ئەم شێوازە جیاوازە لە پارلاتۆ، چونکە لە پارلاتۆدا نۆتەکان بە شێوەیەکی نزیک لە قسەکردن دەخوێندرێنەوە، لێرەشدا خوێندنەوەی میلۆدی یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە میلۆدی و بەرزی و نزمی نۆتەکان (Abril & Gault, 2016, p.143). لە ڕاهێنانی خوێندنەوەی میلۆدیدا، خوێندکاران فێردەبن پەیوەندی نێوان نۆتەکان و ئاراستەی میلۆدی بناسن، هەروەها چۆن گواستنەوەی نێوان نۆتەکان بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ بکەن. ئەم جۆرە ڕاهێنانانە یارمەتی دەری خوێندکارانن لە پەرپێدانی توانایان لە گوێگرتن و خوێندنەوەی نۆتەکان لەهەمان کاتدا، چونکە خوێندکار کاتێک نۆتەکان دەخوێنێتەوە لە هەمان کاتیشدا ئاوازەکەی لە مێشکیدا دروست دەبێت.(Bauer, 2020, p.95) , خوێندنەوەی میلۆدی لە فێربوونی سۆڵفێجدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەرەپێدانی توانادا, چونکە خوێندکاران فێردەبن نۆتەکان نەک تەنها بناسن، بەڵکو بە شێوەیەکی موزیکی و بە دروستی بیانگۆڕن بۆ دەنگ. بەم شێوەیە خوێندنەوەی میلۆدی یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ باشتر تێگەیشتن لە پارچە موزیکییەکان و خوێندنەوەیان بەشێوەیەکی خێراتر.(Woody, 2021, p.122) .

## ٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢-٢-١ توێژینەوە بە زمانی کوردی:

- توێژینەوەی (أحمد.٢٠٢٥) بە ناونیشانی (ئاستەنگ و پێشنیارەکانی چارەسەرکردنی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر), ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی ئاستەنگییەکانی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر و چۆنیەتی چارەسەرکردن لای خوێندکارانەوە,

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12584]
- **Submission Date:** [22/7/2026], **Revised Date:** [22/7/2026], **Accepted Date:** [7/9/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ئەنجامەکان دەریانخست ئاستەنگی هەیە لە بابەتی دیواربەندی هونەری و خوێندکاران چەندین پێشنیازیان خستە ڕوو.

### ٢-٢-٢ توێژیتەوە بە زمانی ئینگلیزی:

- توێژینەوەی (Mishra.2014) بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەی نۆتە بە دەنگ: پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، تێروانینەکانی خوێندکار، و کاریگەرییە فێرکارییەکان), ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بوو بە meta-analysis و دیاریکردنی پەیوەندیی گشتی لەنێوان گۆڕاوە جیاوازەکان و خوێندنەوەی نۆتە. بۆ ئەم مەبەستە، ٩٢ توێژینەوەی پێشوو هەڵسەنگێندرابوون کە ٥٩٧ گۆڕاو تێیاندا هەبوو، ئەم گۆڕاوانە بە پێی چەمکی هاوبەش گرووپ کران. ئەنجامەکان نیشانیدا کە تواناکانی وەک داهێنان و ڕاهێنانی گوێ. توانای تەکنیکی و زانیاریی موزیکی، پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵsight-reading ، بەڵام هەڵوێست و کەسایەتی پەیوەندییان نییە. هەروەها هەندێک جیاوازیی سنووردار لە قەبارەی کاریگەری دۆزرایەوە بە پێی جۆری توێژینەوە، ئاستی ئەزموون، و شێوازی تاقیکردنەوە.بە گشتی، ئەو توانایانەی کە بە ڕاهێنان پەرەدەسەنن، کاریگەرییەکی بەهێزتریان هەیە لەسەر باشترکردنی sight-reading. بۆیە، sight-reading باشترە وەک لێهاتوییەکی موزیکی سەیر بکرێت کە بە ڕاهێنان و گەشەی موزیکی باشتر دەبێت، نەک تەنها وەک پرۆسەیەکی سادە.

- توێژینەوەی (Petty, C. & Henry, M.L.2014) بە ناونیشانی (کاریگەری تەکنەلۆجیا و مەشقی تاکەکەسی لەسەر دەستکەوتی خوێندنەوەی بینینی دەنگی خوێندکارانی سەرەتایی کۆراڵ), ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری تەکنەلۆجیا و پراکتیکی تاکەکەس لەسەر دەستکەوتی Vocal Sight-singin بۆ خوێندکارانی دەستپێکەری کۆرال بوو لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ هەڵسەنگاندنی vocal sight-reading تاقیکردەوە. ١٣٨ قوتابیی ئامادەیی لە کامپێکی هاوینی موزیکدا تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەرییان ئەنجام دا و ڕاپرسیی پێش و دوایان پرکردەوە.
ئەنجامەکان نیشانیدا کە زۆربەیان پێشتر ڕاهێنانی بەردەوام و هەڵسەنگاندنی تاکەکەسیان هەبوو، بەڵام بە شێوەی کۆمپیوتەری زۆر کەم تاقی کرابوونەوە. بە گشتی، تەکنەلۆژیا توانایەکی باشی هەیە بۆ فێرکردن و هەڵسەنگاندنی sight-reading، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی باش و هەنگاو بە هەنگاو بناسێندرێت.

### ٣-٢-٢ بەراوردکردن بە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەی (أحمد.٢٠٢٥) ئاماژەیان بە ئاستەنگی خوێندکاران داوە و نمونەی توێژینەوەکەیان خوێندکاری بەشی پەروەردەی هونەر بوون, توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەی (Mishra.2014) سەرنجیان خستۆتە سەر (Vocal Sight_Reading) و پێیان وایە پێویستە وەک لێهاتوییەکی موزیکی سەیر بکرێت کە بە ڕاهێنان و گەشەی موزیکی باشتر دەبێت, توێژینەوەی ئێستا و توێژینەوەی ( Petty, C. & Henry, M.L.2014) بەگرنگییەوە دەڕواننە تەکنەلۆجیا بۆ فێربوون و هەڵسەنگاندنی sight-reading.

## بەشی سێیەم
## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:

بە پێی سروشتی بابەتی توێژینەکە و ئامانجەکانی میتۆدی وەسفی بەراوردکاری بەکارهێنراوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

### ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

بریتی بوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی هونەر, خوێندنی (بەیانیان) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥ – ٢٠٢٦) و بەشێک لە پسپۆڕانی بواری موزیک لە شاری سلێمانی.

### ٣-٣ نمونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی (بەیانیان) بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) و بەشێک لە پسپۆڕان کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون و سەرجەمیان مامۆستان لە بەڕێوبەرایەتییەکانی پەروەردەی (ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵات) لە شاری سلێمانیدا و دەرچووی بەشی پەروەردەی هونەرن . وەک لە خشتەی (٣- ١) ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٣- ١)**

**نمونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە خوێندکاران و بەشێک لە پسپۆڕانی بواری موزیک**

| نمونەی توێژینەوەکە | بەشداربووانی رەگەزی نێر | بەشداربووانی رەگەزی مێ | کۆی نمونەی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|
| خوێندکاران | 3 | 17 | 20 |
| پسپۆڕانی بواری موزیک | 8 | 7 | 15 |

### ٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوەکە

ئامادەکردنی پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگییەکانی خوێندکاران لە خوێندنەوەی نۆتە موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین و پێشنیازی چارەسەرکردن لەلایەن پسپۆڕانەوەبەپێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

#### ٣-٤-١ پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگییەکانی خوێندکاران لە خوێندنەوەی خوێندنەوەی نۆتە موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین

بە هۆی نەبوونی پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆ زانینی ئاستەنگ وپێشنیاری چارەسەرکردنی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی پێش ڕاهێنان لە یەکەم بینین، توێژەر پێوەرێکی تایبەتی ئامادەکردووە ، بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١- خوێندنەوە و بەدواداچوون لە سەر ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کە پەیوەندییان بە زانینی ئاستەنگ خوێندکاران لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیک لە یەکەم بینین هەیە.

٢- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە پسپۆڕان لە بواری موزیک دا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری

دەربارەی ئەو ئاستەنگە موزیکییانەی کە پێویستە لە کاتی وانەوتنەوەدا گرنگییان پێبدرێت.

٣- بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر ئامانجەکانی بەشێوەیەکی سەرەتایی ئامادەکرد ، کە ژمارەیان بریتیی بوو لە (47) ئامانج،کە بەمەبەستی زانینی ئاستەنگی خوێندکاران لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین ، تا لە ڕێگەی ڕاپرسەوە دابەشی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بوارەکە بکات.

**٣-٤-٢ پێشنیازی چارەسەرکردنی ئاستەنگییەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە:**

بەهۆکاری ئەوەی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر لە خوێندنی بەیانیاندا لەو ئاستەدا نین بتوانن چارەسەری ئاستەنگییەکان, بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پێشنیازی چارەسەرکردنی ئاستەنگییەکانی سپاردووە بە ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری موزیک بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

أ- وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری موزیک لە شاری سلێمانی سەبارەت بەو ئاستەنگییانەی کە خوێندکاران لە برگەکانی ڕاپرسییەکاندا ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

ب- دابەشکردنی پێوەرەکە کە پێکهاتبوو لە (٢٠ بیست بڕگە), دوای ئەوەی نمونەی توێژینەوەکە پێک هاتبوون لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم, وەڵامەکانیان بەپێی ئاستەکان دەستنیشانکرد توێژەر هەمان پێوەری بەسەر پسپۆڕاندا دابەشکرد کە پێک هاتبوو لە (١٥) پسپۆڕ.

**٣-٤-٢ ڕاستگۆیی (الصدق)**

چەمکی ڕاستگۆیی بەواتای ئەوەی ،کە ئەو پێوەرە دیاریکراوەکە مەبەستی پێوانەکردن بەکاردەهێندرێت، ئەو بابەتە بپێویت کە بۆی بەکارهێنرایەوە. (عبدالهادي، ٢٠٠٢، ص١٢١)

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەرەکە، ڕاو بۆچوونی ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری موزیک و پێوانە و هەڵسەنگاندن و دەروونزانی لە شێوەی ڕاپرسەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی دابەشکرد، تاوەکو لە سەر چۆنێتی دارشتنی ئامانجەکانی برگەکانی پێوەرەکە لە ڕووی زمانەوانی زانستیەوە هەڵبسەنگێنن. دوای گەڕانەوەی ڕاپرسییەکانی پێوەرەکەی لە کۆی ئامانجەکان (20) ئامانجیان دەستنیشان کردبوو، پاشان پێوەرەکەی ئامادەکرد بۆ دیاریکردنی ئاستی پێوەرکە شێوازی سێ خانەی داڕێژرابوون، کە بریتیبوون لە (زۆرئاستەنگە، ئاستەنگە ، ئاستەنگیکی لاوازە)، بۆ شیکردنەوەی ئاستی ئاستەنگیەکان وەڵامدەرەوە بە بەهای(1,٢,٣)دیاریکرا.

جارێکی تر لە ڕێگەی ڕاپرسەوە بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی پسپۆڕانەوە پێوەرەکەی دابەشکرد، دوای گەڕانەوەی گۆڕانکاری لە برگەکانی (5، 9، 11, 18) ڕاستکردنەوە لە شێوازی داڕشتن و زمانەوانی دروستبوو، دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بە سەر نمونە سەرەتاییەکە، کە بریتیبوون لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی هونەری ئیواران، کە ژمارەیان (40 ) خوێندکاربوو.

**٣-٤-٣ جێگیری (الثبات )**

چەمکی جێگیری بەو مانایەیە "کە تاقیکردنەوەکە دووبارە ئەو ئەنجامی هەبێت ئەگەر لەسەر سامپڵێکی جێگر جێبەجێبکرێت بەڵام ئەگەر لە هەمان بارودۆخدا دووبارە بکرێتەوە" . (العزاوی، ٢٠٠٨، ص٩٧)

جێگیری (الثبات ) دەتوانرێت بە دوو ڕێگا بەدەست بهێنرێت کە بریتین لە :

١. ڕێگای دووبارەکردنەوە بە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە کاتی جیاوازدا.

٢- ڕێگەی دابەشکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سەر تاک و جودا. ( Fransella ,1981 , p47 )

توێژەر بۆ بەدەست هێنانی جێگیری هەردوو شێوازەکەی بەکارهێناوە ،لە شێوازی یەکەمدا (شێوازی دووبارە تاقیکردنەوە)، بەکارهێنراوە بەسەر نمونەی سەرەتایی لە دەرەوەی سامپڵی توێژینەوەکە، پێکهاتبووە لە (خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی هونەری ئێواران ،کە ژمارەیان (40) خوێندکاربوون، بۆ یەکەمین جار لە بەرواری (٢٠26/1/8) ڕاوبۆچوونیان وەرگیرا ، پاشان لە (2026/1/22) جارێکی تر هەمان پێوەر بە سەر نمونە سەرەتاییەکە جێبەجێکرایەوە، دوای مامەڵەکردن لەگەڵ داتاکان بە شێوەیەکی ئاماری و بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن، دەرکەوت، کە بەهای پەیوەندیەکە بریتیە لە (0.7٣) ، ئەم ڕێژەیەش بەهایەکی گونجاوە بۆ جێگیری ، هەروەها بۆ دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر برگەیەک و بەکۆی گشتی پێوانەکە و ئاستی بەڵگەداری ڕێگەی دابەشکردنی بە نیوەی برگەکانی پێوەرەکە بە سەر تاک و جودا جێبەجێکرا ، پاشان لە ڕێگەی هاوکێشەی (پەیوەستبوونی پیرسۆن Person)ەوە دۆزرایەوە، کە بەهاکەی لە نێوان ( 0.50 - 0.20) بوو ، وەك لە خشتەی (٣-2) دا دەردەکەوێت. پاشان توێژەر پێوەرەکەی بە شێوەی کۆتایی جێگیرکرد، وەک لە فۆرمی (١) دا دەردەکەوێت.

خشتەی (٣-٢)

دۆزینەوەی بەهای پەیوەندی هەر برگەیەک ئاستی بەڵگەداری گشتی پێوانەکە

| ژ | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ | ژ | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە | ١١ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٢ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە | ١٢ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٣ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە | ١٣ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |
| ٤ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە | ١٤ | ٠.٠٢ | بەڵگەدارە |
| ٥ | ٠.٠٤ | بەڵگەدارە | ١٥ | ٠.٠٠ | بەڵگەدارە |
| ٦ | ٠.٠٢ | بەڵگەدارە | ١٦ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |
| ٧ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە | 17 | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | ٠.٠١ | بەڵگەدارە | 18 | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |
| ٩ | ٠.٠٣ | بەڵگەدارە | 19 | ٠.٠١ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | ٠.٠٤ | بەڵگەدارە | 20 | ٠.٠٢ | بەڵگەدارە |


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12584]
- **Submission Date:** [22/7/2026], **Revised Date:** [22/7/2026], **Accepted Date:** [7/9/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

**٤-٣ ڕاسپاردەکان:**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو :-

**١-٢-٤** بەکارهێنانی ڕێگە چارەسەرەکانی پسپۆڕانی بواری موزیک بۆ برەودا بە توانای خوێندکاران لە خێرا خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین.

**٢-٢-٤** ئاشناکردنی خوێندکاران بە ڕێگە چارەسەرەکانی پسپۆڕانی بواری موزیک لە ئاستەنگی خێرا خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵی لە یەکەم بینین.

**٤-٣ پێشنیازەکان:**

توێژەر بۆ پەرەپێدان و تەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە دەکات:

**١-٣-٤** ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگییەکانی خوێندنەوەی نۆتە بە شێوەی (Vocal Sight-Reading).

**٢-٣-٤** ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگییەکانی خوێندنەوەی نۆتە بە شێوەی (Sight-Reading) .

پاشکۆی ژمارە (١) پێوەرێک بۆ زانینی ئاستەنگییەکانی خوێندکاران لە خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ڤۆکاڵ لە یەکەم بینین.

| تەوەر | بڕگەکان | بەهای بڕگەکان: زۆر ئاستەنگە | ئاستەنگە | ئاستەنگی [illegible] |
|---|---|---|---|---|
| ئاستەنگی زانستی لە بابەتی تیۆری موزیک | ١- ناسینەوەی دەنگەکانی موزیک لەسەر ستەیف بەپێی کلیلی سۆل | | | |
| | ٢- شارەزایی لە ناو شێوە و ژمارەی [illegible] نۆتە و پشووەکان | | | |
| ئاستەنگی زانستی لە بابەتی سۆلفێجی گشتی | 3- توانستی خوێندنەوەی نۆتەی ریتمی بەڕێگای [illegible] | | | |
| | 4- توانستی خوێندنەوەی نۆتەکان بەشێوەی سۆلفێی | | | |
| | 5- توانستی خوێندنەوەی سکێلەکان بە ڕێگای میلۆدی | | | |
| | 6- توانستی خوێندنەوەی [illegible] بەڕێگای میلۆدی | | | |
| ئاستەنگی تەکنیکی | 7- خوێندنەوەی نۆتەکان پێش ڕاهێنانی پێشوەختە بە خێرایی دیاریکراو | | | |
| | 8- توانستی دووبارەکردنەوەی [illegible] دەنگی بیستراو بە شێوەی میلۆدی لە هەمان چینە دەنگدا | | | |
| | 9- [illegible] هەڵسە و ئەنجامدانی ڕاهێنانی هەڵسەی دیاریکراوی موزیک | | | |
| ئاستەنگی دەروونی | ١٠- ترس لە هەڵەکردن هۆکارێکە بۆ خراپ خوێندنەوەی نۆتەکان | | | |
| | ١١- ڕۆڵی باوەڕ بەخۆنەبوون لە خراپ خوێندنەوەی نۆتەکان | | | |
| ئاستەنگی کۆمەڵایەتی | 12- شەرم لە هاوڕێیان لە کاتی خوێندنەوەی نۆتەکان | | | |
| | 13- شەرم لە مامۆستا لە کاتی خوێندنەوەی نۆتەکان | | | |
| ئاستەنگی کات | 14- ئەنجامدانی ڕاهێنانی ڕۆژانە بە شێوەی تاکەکەسی | | | |
| | 15- تەرخانکردنی کاتی پێویست بۆ ڕاهێنان | | | |
| ئاستەنگی فێرکاری | 16- ئاست و ژمارەی ڕاهێنانەکان لەسەر کارامەیی خێرا خوێندنەوەی نۆتەکان | | | |
| | 17- ڕوونکردنەوە و ڕاهێنانی هەنگاوەکانی خوێندنەوەی (ریتمی- سۆلفێی-میلۆدی) لەلایەن مامۆستا | | | |
| ئاستەنگی تەکنەلۆجی | 18- ئاستی بەکارهێنانی ئەپە فێرکارییەکانی مۆبایل لە خێرا خوێندنەوەی نۆتە | | | |
| | 19- ئاستی بەکارهێنانی ڤیدیۆ فێرکارییەکانی خوێندنەوەی نۆتە | | | |
| | 20- ئاستی بەکارهێنانی ماڵپەڕە موزیکییەکان کە تایبەتن بە ڕاهێنانی خوێندنەوەی خێرای نۆتە | | | |

پاشکۆی ژمارە (٢) سەبارەت بە پێشنیازی پسپۆڕانی بواری موزیک بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگی خوێندکاران لە خویندنەوەی نۆتە, بەهۆی پابەندبونی توێژەر بە ڕێنمایی گۆڤارەکە سەبارەت بە ژمارەی لاپەڕەکان لە توێژینەوەکەدا دانەندراوە. بەڵام لە خشتەی خشتەی (٤-٢) ئەنجامی برگە پێشنیازکراوەکان خراوەتە ڕوو.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە بە زمانی کوردی:**


١ - أحمد, دارا أورحمن. (٢٠٢٥). ئاستەنگ و پێشنیازەکانی چارەسەرکردنی بابەتی دیواربەندی هونەری لای خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەرگی ٣. ژمارەی ١.کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥. لاپەڕە ٥٤–٧٣.

٢- حسێن, جواد نعمت و خالد, ڕزگار حمەلاو. (٢٠١٩). هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی مامۆستایان و پسپۆڕانەوە.گۆڤاری زانکۆی سەڵاحەددین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.بەرگی ٢٣. ژمارە ٣.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

٣ - العزاوي, رحيم يونس كرو . (٢٠٠٨). المنهل في العلوم التربوية. القياس و التقويم في العملية التدريسية الطبعة الاولى. دار دجلة. عمان. الاردن.

٤- عبدالهادي. نبيل. ( ١٩٩٩). القياس و التقويم التربوي وأستخدامه في مجال التدريس الصفي. ط ٢. دار صفاء للنشر. الأردن.

٥- صابرينة,بنية.(٢٠١٧). محاضرات في الاحصاء الوصفي. جامعة ابن خلدون تيارت.كلية العلوم الاقتصادية.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

6-Abril, C.R. and Gault, B.M., 2016. Teaching General Music: Approaches, Issues, and Viewpoints. Oxford: Oxford University Press.

7-Bauer, W.I., 2020. Music Learning Today: Digital Pedagogy for Creating, Performing, and Responding to Music. 2nd ed. Oxford: Oxford University Press.

8-Benward, B. and Kolosick, T., 2019. Music in Theory and Practice. 10th ed. New York: McGraw-Hill Education.

9-Benward, B. and Saker, M., 2009. Music in Theory and Practice. 8th ed. New York: McGraw-Hill.

10-Burstein, L. and Straus, J.N., 2020. A Concise Introduction to Tonal Harmony. 2nd ed. New York: W.W. Norton.

11-Campbell, P.S., 2018. Music, Education, and Diversity. 4th ed. New York: Teachers College Press.

12-Clendinning, J.P. and Marvin, E.W., 2021. The Musician’s Guide to Theory and Analysis. 4th ed. New York: W.W. Norton.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12584]
- **Submission Date:** [22/7/2026], **Revised Date:** [22/7/2026], **Accepted Date:** [7/9/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

13- Fransella. F. (1981): Persorality theory measurement and research ,London,Methuen .

14-Hallam, S., 2020. The Psychology of Music Education. London: Institute of Education Press.

15-Harris, P (2017). *Improve your sight-reading!: Clarinet. Grades 6-8*. New ed. London: Faber Music.

16-Houlahan, M. and Tacka, P., 2015. Kodály Today: A Cognitive Approach to Elementary Music Education. Oxford: Oxford University Press.

17-Jorgensen, E.R., 2019. The Art of Teaching Music. Bloomington: Indiana University Press.

18-Laitz, S.G., 2016. The Complete Musician: An Integrated Approach to Tonal Theory. 4th ed. New York: Oxford University Press.

19-McPherson, G. and Welch, G., 2018. Music Learning and Teaching in Infancy, Childhood, and Adolescence. Oxford: Oxford University Press

20-Nan, H. Y. & Simeon, J. J. C. (2024). Strategies of Sight-Reading Ability Improvement: A Review of Literature. International Journal of Academic Research in Progressive Education and Development, 13(3).

21-Petty, C. and Henry, M.L. (2014) 'The effect of technology and individual practice on beginning choral students' vocal sight-reading achievement', Journal of Research in Music Education, 62(3), pp. 187–203.

22-Phillips, K. H. (2014). Directing the Choral Music Program. New York: Oxford University Press.

23-Rogers, M.R., 2020. Teaching Approaches in Music Theory. 3rd ed. Carbondale: Southern Illinois University Press.

24- Woody, R.H., 2021. Psychology for Musicians: Understanding and Acquiring the Skills. Oxford: Oxford University Press.

**سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

25-Mishra, J. (2014) 'Factors related to sight-reading accuracy: a meta-analysis', Journal of Research in Music Education, 61(4). https://doi.org/10.1177/0022429413508585

## صعوبات القراءة اللحنية الغنائية من الوهلة الأولى لدى الطلبة، ومقترحات معالجتها من وجهة نظر المختصين

**الباحث : تۆڵە ئومێد محمود**
tolla.omed@univsul.ed
**كلية التربية الأساسية / جامعة السليمانية**

**ملخص**

هدفت هذه الدراسة إلى: (1) تحديد الصعوبات التي يواجهها الطلبة في قراءة النوتة الموسيقية الغنائية من الوهلة الأولى، و(2) التعرف إلى السبل المناسبة لمعالجة هذه الصعوبات من وجهة نظر المختصين. ولتحقيق أهداف الدراسة، اعتمد الباحث المنهج الوصفي. تكونت عينة الدراسة من طلبة المرحلة الثالثة (الدراسة الصباحية) في قسم التربية الفنية، إضافةً إلى مجموعة من المختصين في مجال الموسيقى بمدينة السليمانية. ولتحديد الصعوبات واقتراح الحلول المناسبة لها، أعدّ الباحث استبانة وفقاً للخطوات العلمية، تألفت من ثمانية محاور وعشرين فقرة، هدفت إلى تشخيص الصعوبات وتقديم المقترحات المناسبة لمعالجتها من وجهة نظر المختصين. وقد تم التحقق من الصدق الظاهري والثبات باستخدام أسلوبي إعادة الاختبار والتجزئة النصفية، كما تم حساب معامل ارتباط بيرسون لقياس الثبات. وبعد تطبيق الأداة على عينة الدراسة وتحليل البيانات إحصائياً، أظهرت النتائج أن المتوسط المرجح العام بلغ (1.90)، وهو يشير إلى مستوى متوسط. كما بينت النتائج وجود صعوبات لدى الطلبة في قراءة النوتة الموسيقية الغنائية من الوهلة الأولى. واستناداً إلى آراء المختصين، تم تقديم مجموعة من الحلول والمقترحات العملية لمعالجة هذه الصعوبات، واختُتمت الدراسة بعدد من التوصيات والمقترحات التي يمكن أن تسهم في تطوير مهارات الطلبة في قراءة النوتة الموسيقية الغنائية من الوهلة الأولى.

## Difficulties in Vocal Sight-Reading among Students and Proposed Solutions from the Perspectives of Specialists

Researcher: Tolla Omed Mahmood
tolla.omed@univsul.ed
College of Basic Education/ Sulaimani University

**Abstract**

The present study aimed to: (1) identify the difficulties encountered by students in vocal music

sight-reading, and (2) explore appropriate strategies for overcoming these difficulties from the perspectives of music specialists. To achieve these objectives, the descriptive research method was employed.The study sample consisted of third-year morning-program students from the Department of Art Education, in addition to a group of music specialists in Sulaymaniyah City. To identify the difficulties and propose appropriate solutions, the researcher developed a questionnaire following established scientific procedures. The instrument comprised eight domains and twenty items designed to identify the major difficulties and elicit specialists' recommendations for addressing them.The instrument's face validity and reliability were established through test–retest reliability and the split-half method. Reliability was assessed using Pearson's correlation coefficient, with coefficients ranging from 0.20 to 0.50. Following the administration of the instrument to the study sample and the statistical analysis of the collected data, the findings revealed that the overall weighted mean of the instrument was 1.90, indicating a moderate level. The results also demonstrated that students encounter difficulties in vocal music sight-reading. Based on the specialists' responses, several practical solutions were proposed to address these difficulties. The study concluded with a number of recommendations and suggestions for improving students' vocal music sight-reading skills.

**Keywords**: Challenge; Vocal Sight-Reading; Guidelines for Students; Expert Recommendations.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12584]
- **Submission Date:** [22/7/2026], **Revised Date:** [22/7/2026], **Accepted Date:** [7/9/2026], **Published Date:** [30/9/2026]